مەسعود بارزانی: ناکرێ چیتر لەبەرانبەر ئەو ستەم و ناحەقییە بدەنگ بین

سەرکی پارتی دیموکراتی کوردستان پەیامێکی بڵاوکردەوە، تێیدا هاتووە، ئەو هەرش و پێلامارانە زۆم و ناحەقییەکی ئاشکرایە بەرانبەر خەڵکی کوردستان و ناکرێ چیتر لەبەرانبەر ئەو ستەم و ناحەقییە بدەنگ بین.

مەسعود بارزانی سەرکی پارتی دیموکراتی کوردستان پەیامەکی لەسەر هەرشەکەی سەر هەولێر بڵاوکردەوە و تێیدا ئاماژەی بۆکردووە، لە ساڵی 2020ـەوە هەتا ئێستا بە دەیانجار شاری هەولێر کۆتتێ ژێر هەرشی ناڕەوای موشەک و درۆنەکانی وڵاتیکی دراوسێ ئەو هەرش و پێلامارانە زۆم و ناحەقییەکی ئاشکرایە بەرانبەر خەڵکی کوردستان.

سەرکی پارتی ئاماژەی بۆشکردووە، ئەنجامدەرانی ئەو تاوانانە و ئەوانەی لەپشتەوەی هەرشکانی سەر هەولێرن، خەیان زێر چاک دەزانن کە بوختان و بیانوو و ئیدعاکانیان هیچ بنەمایەکی نیە و بە داپشینی کەش و گرفتکانیان ئەو دەستدرێژی و زۆمە لە دژی هەولێر و خەڵکی کوردستان ئەنجام دەدەن.

مەسعود بارزانی دەشڵێت، "ئێتر دانبەخۆداگرتنمان سنووری هەیە، ئەوەتا لە دوایین پێلامار و تاوانیاندا شەوی رابردوو خزانکی بێتاوانی هەولێریان کەمەکوژ کردووە کە زێر بە تووندی ئیدانەی

ئەو تاوانە دەکەین. گومانی تێدا نییە ئەو پێلامارە نە مەردایەتییە و نە شەهامەت بەکو ئەوپەڕی شەرمەزارییە بۆ تاوانباران.“

باسی لەوشکردووە، ئەو بیانوانەی پێلامارداران بۆ تاوانکانیان لەدژی هەولێر و خەڵکی کوردستان دەهێننەوە هیچ ئەسڵ و ئەساسکی نیە و دوورە لە راستی. داواتان لێ دەکەم ئێگەر پێلامارداران ڕێگەتان پێ بدەن، خەتان وەرن بچاوی خەتان لە هەولێر راستییەکان ببین و بزانن کە تاوانباران و پێلامارداران چەن چەواشەکاری دەرهەق گەلی کوردستان دەکەن و ئیدعاکانیان بێ بنەمان.

سەرکی پارتی ئەوەش دووپاتدەکاتەوە، ”ناکرێ هەتاسەر ئەوان لەو زوڵمە بردەوام بن و، ناشکرێ چیتر لێبڕانبەر ئەو ستەم و ناحەقییە بدەنگ بین.“